## شنیار فوئاد یاریزانی سەولوکانون:

# لەسەر ئاستی کوردستان پلەی یەکەم و لە پاڵەوانێتیی عەرەبیش مەدالیای برۆنزیم بەدەست هێناوە

شنیار یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یاریی سەولو کانونی یانەی دوکان و هەڵبژاردەی عێراق، هەر چەندە شنیار تەمەنی بچووکە، بەڵام حەز و ئارەزووەکانی بوونەتە هۆکار کە بتوانێ درێژە بە ئاستە بەرزەکەی خۆی بدات و چەندین ئەنجامی بەرچاو لەگەڵ یانەی دوکان و هەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنێت. شنیار بە ئاستە بەرزەکەی چەندین یانەی سەرسـام کردووە بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەن، بەڵام خۆشەویستیی بۆ یانەی دوکان ڕێگەی نەداوە بچێتە هیچ یانەیەك، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی قەزای دوکانەو قوتابی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

دیمانە: کارزان کانەبی





***چۆن بە یاریی سەولوكانون ئاشنا بووی؟**

- من لە شارۆچكەی دوكان دەژیم، لای هەمووانیش ئاشكرایە كە قەزای دوكان خاوەن دەریاچەیەكی گەورەیە و شوێنێكی گونجاوە بۆ ئەم یارییە، ئەم وەرزشەش خولیای منداڵیم بوو، حەزم دەكرد جۆرە وەرزشێك ئەنجام بدەم، لە ناو ئاو بێت.

*** بۆچی لە ناو ئەم هەموو وەرزشە جۆراوجۆرە تەنیا ئەم یارییەت هەڵبژارد كە بۆ كچان هەندێك ئەستەمە وەرزشكردن لە ناو ئاودا؟**

- چونكە ئەم یارییە لەگەڵ خواست و ئارەزووی خۆم دەگونجێت و یارییەكی جیهانییە، ساڵانە چەندین پاڵەوانێتیی تێدا ئەنجام دەدرێت، هیچ كاتێك ئەم یارییە بۆ من جێگەی ترس نەبووە.

***هەست ناكەیت ئەم یارییە لە ناو ئاودا مەترسی خنكانی تێدایە، یاخود ژیانت لە مەترسیدا دەبێت؟**

- نەخێر، چونكە من هەر لە منداڵییەوە لە دەریاچەی دوكان مەلەم كردووە و شارەزایی باشم تێدا هەیە و ترسی خنكانم نییە.

***ئاستی ئەم یارییە لە شارەكانی كوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەم یارییە لە كوردستان تازەیە، یانەكانی كوردستان زۆر گرنگی پێ نادەن، تەنیا یانەكانی دوكان و پیرەمەگروون لە سنووری پارێزگای سلێمانی تیپیان هەیە، خۆشبەختانە ئێمەش وەكو تیپی كچانی دوكان توانیومانە ئەنجامی باش لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق تۆمار بكەین.

*** بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە كوردستاندا پێت باشە چی بكرێت؟**

- پێم باشە بەرپرسانی وەرزشی لە كوردستان گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدەن، چونكە داهاتوویەكی باشی دەبێت، ئەگەر لە ئێستاوە كار بكرێت بۆ فێركردنی منداڵ و كردنەوەی خولی تایبەت بەم یارییە، چونكە ئەم یارییە، یارییەكی جیهانییە و دەتوانرێ ئەنجامی بەرچاوی لەسەر ئاستی جیهانی لێ بەدەست بێت.

*** هەست ناكەیت ئەم یارییە لە كوردستان گرنگی ئەوتۆی پێ نادرێت؟**

- بەڵێ زۆر راستە، ئەوەی راستی بێت ئەم یارییە لە كوردستان هیچ گرنگییەكی پێ نادرێت و بگرە فەرامۆشیش كراوە.

*** كێشەو گرفتی سەرەكیی ئێوە لەم یارییە چییە ؟**

- كێشەی سەرەكیی ئێمە ئەوەیە كە ئەنجامەكانمان هیچ گرنگییەكی نییە لای بەرپرسانی وەرزش و تەنانەت دەستخۆشیمان لێناكەن كاتێك ئەنجامی شایستە بەدەست دەهێنین.

*** بۆچی لە كوردستان رێژەی بەشداریكردنی ئافرەت لەم یارییەدا كەمە؟**

- دوو هۆكار هەیە، یەكەمیان ئەوەیە لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانەوە گرنگی پێنادرێت وەكو یارییەكانی تر، لەلایەكی دیكەوەش خێزانی كورد رێگە نادەن كە كچەكانیان وەرزش بكەن و رێگرییان لێ دەكرێت.

*** باشترین ئەنجامەكانت وەكو یاریزان چی بووە؟**

- چەندین ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق، لە ئاستی كچان پلەی یەكەمم لەسەر ئاستی كوردستان بەدەست هێناوە، هەروەها لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبی لە میسر توانیم پلەی سێیەم و مەدالیای برۆنزی بەدەست بهێنم، هەوڵدەدەم لە داهاتوو ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنم.

*** خانەوادەكەت تا چەند بۆ وەرزشكردن هاوكاریت دەكەن؟**

- خانەوادەكەم پاڵپشتییەكی بەهێزن بۆ من، بە تایبەتی دایك و باوكی بەرێزم بۆ من هەمیشە هاوكار بوون و هانم دەدەن بۆ بەردەوامبوونم لە وەرزشكردن، باوكیشم ئەندامە لە هەڵبژاردەی عێراق، ئەو زیاتر هانم دەدات بۆ بەردەوامبوونم لە وەرزشكردن.

*** وەكو كچە یاریزانێك پەیامت بۆ ئەو كچانەی كە دوورن لە وەرزشكردن چییە؟**

- پەیامی من بۆهەموو كچان ئەوەیە كە ئەوانیش بێنەپێش و تواناكانی خۆیان نەشارنەوە و بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزش لە كوردستان و ناساندنی كوردستان بە وڵاتانی دەرەوە لە رێگەی وەرزشەوە هەوڵبدەن.

*** چ یانەیەك داوای كردووە لە ریزی یانەكایان یاری بكەی؟**

- بەڵێ چەند یانەیەك داوای گرێبەستیان لێ كردووم بۆ ئەوەی یارییان لەگەڵدا بكەم، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیم بۆ یانەی دوكان حەزم نەكردووە ئەم یانەیە بەجێبهێڵم، هەر لەم یانەیەشدا بەردەوام دەبم.

*** ئەگەر لە كۆتاییدا شتێكت بۆ وتن مابێت؟**

- دەمەوێ زۆر سوپاسی راهێنەرەكەم بكەم بەهۆی ئەوەی كە ئەو هۆكار بوو بۆ ئەوەی من بگەمە ئەو ئاستەی ئێستا، هیوادارم لە داهاتوویەكی نزیكدا بتوانم لە وڵاتانی دەرەوە ئاڵای كوردستان بەرز بكەمەوە و لە رێگەی وەرزشەوە خزمەت بە كوردستان بكەم، سوپاسیش بۆ گۆڤاری گوڵان.

**ئەم یارییە لە كوردستان هیچ گرنگییەكی پێ نادرێت و بگرە فەرامۆشیش كراوە**





# ماسکیرانۆ تا ساڵی ٢٠١٨ لەیانەی بەرشلۆنە دەمێنێتەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەفەرمی بۆندی یاریزانی ئەرژەنتینی خافێر ماسکیرانۆ - ی تا هاوینی ٢٠١٨ درێژکردەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی نرخی شکاندنی بۆندەکەی بۆ ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ زیادکردنی مووچەی ساڵانەی ئەم یاریزانە بەبێ ئەوەی ئەو زیادەیە ئاشکرا بکرێت.

لەدوای مۆرکردنی بۆندە تازەکەی ماسکیرانۆ گوتی: من ئەو بۆندە تازەم مۆرکرد و بەهیوای ئەوەم تا دوارۆژی بۆندەکەم لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بەردەوام بم. گوتیشی: من زۆر خۆشحاڵم بەمانەوە لەگەڵ ئەم یانە گەورەیە و لەگەڵ ئەو یاریزانانە کە هەموویان لێهاتوون، کارێکی زۆر خۆشە هەر کەسێك لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یاری بکات، ئێمە هەست دەکەین ئەم وەرزە باشتر دەبێت، دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوو تووشی چەند کێشەیەك بووین .

## فرانک لامپارد وازی لەیاریکردنی نێودەوڵەتی هێنا

یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا فرانك لامپارد بڕیاری دا، بە یەکجاری واز لەیاریکردنی نێودەوڵەتی بهێنێت لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەرگری لە درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کرد .

یاریزان لامپارد تەمەنی ٣٦ ساڵە و لە دوای بەشداریکردنی لە مۆندیالی بەڕازیل ئەم بڕیارەی داوە. لامپارد ١٠٦ یاری نێودەولەتی ئەنجامداوە و ٢٩ گۆڵی تۆمار کردووە. لە هاوینی ئەمساڵیش یانەی چێلسی بەجێهێشت و پەیوەندی بە یانەی نیۆیۆرك سیتی ئەمریکی کرد، دواتر بەشێوەی خواستن گەڕایەوە خولی ئینگلتەرا و لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی یاری دەکات .





# مەهدی بنعەتیە بووە یاریزانی بایەرن میونیخ

هــەردوو یانەی بایــەرن میونیخی ئەڵمانــی و رۆمای ئیتاڵی گەیشتنە رێککەوتن سەبارەت بەگواستنەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی مەغریب مەهدی بنعەتیە لەیانەی رۆما بۆ یانەی بایــەرن بۆ ماوەی پێنج وەرز بەرامبەر بە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ ٤ ملیۆن یۆرۆ وەك مووچەی ساڵانە .

یانــەی بایەرن میونیخ و راهێنەرەکــەی پیپ گواردیۆلا ناچار بوون لە دوای یاریزانێکی لێهاتووی هێڵی بەرگری بگەڕێن، دوای ئەوەی یاریزانی ئیسپانی خافی مارتنیز تووشی پێکانێکی درێژخایەن هات، بنعەتیە داوای زیادەی مووچەی لە یانەی رۆما دەکرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەی گورگەکانی رۆما بەردەوام بێت، بەڵام بە بەردەوامی داواکارییەکەی رەتدەکرایەوە.





# باسکەی زاخۆ بۆ خولی عێراق ئامادەکاری دەکات

هەر چەندە بڕیاربوو تیپی باسکەی خولی عێراقی یانەی زاخۆ بەشداری لە کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی باسکەی عێراقی نەکات، بەڵام دەستەی کارگێڕیی یانەکە پاشگەز بۆتەوە و بڕیارە لەم هەفتەیە راهێنەری رۆمانی ئیلینا ئۆجین بگاتە شاری زاخۆ بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی بۆماوەیەکی تریش لەگەڵ یانەکە بەردەوام دەبێت. لەوبارەشەوە سەرچاوەیەك لە یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد و گوتی: «تەنیا دەنگۆ هەبوو کە بەهۆی کێشەی داراییەوە ئێمە بەشداری یارییەکانی خولی عێراقی نەکەین، بەڵام دواتر دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەم وەرزی خولەکە تیپەکەمان بەشدار دەبێت بەهۆی ئاستبەرزییان.

هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشکراکرد کەوا لەم هەفتەیەدا راهێنەری رۆمانی ئیلینا ئۆجین کە لە وەرزی رابردوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردووە لەگەڵ یانەی زاخۆ گەیشتۆتە رێککەوتن بۆ نوێکردنەوەی ماوەی گرێبەستەکەی و سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەی زاخۆ لە خولی نایابی باسکەی عێراقی.

سەرچاوە نزیکەکە لە یانەی زاخۆ ئەوەشی گوت: «یانەی زاخۆ و ئیلینە لەسەر هەموو شتێك رێککەوتن و ناوبراو سەرپەرشتی تیپی هەردوو خولی کوردستان و عێراقی یانەی زاخۆ دەکات، چونکە کەسێکی ئاکادیمییە و دەتوانێ ئاستی یانەی زاخۆ بەرز بکاتەوە، ئێمەش وەکو دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ هەموو پشتگیرییەکی دەکەین، بۆ ئەوەی یانەی زاخۆ لە هەردوو خولەکان کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکانی عێراق و کوردستاندا بکات، لە ئێستاشدا تیپەکەمان لە ئامادەکاری تەواودایە بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی عێراقی و کوردستان کە بڕیارە لەمانگەکانی داهاتوودا دەست پێبکات، هەموو ساڵێکیش یانەی زاخۆ لە خولەکان ژمارەیەکی گرنگ بووە.

## باسم قاسم گەڕایەوە یانە کۆنەکەی



بەمەبەستی بەهێزکردن و رێکخستنەوەی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی دهۆك لە رکابەرییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە ئەم وەرزە یانەی دهۆك جیا لە وەرزەکانیترە، هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی دهۆك کێشەی هەرە سەرەکیی گرفتی داراییە بەم هۆیەشەوە دەستەی ڕاهێنەران و کۆمەڵێك یاریزانی بەرچاوی یانەکە ریزی یانەکەیان جێهێشت، بەڵام لە ئێستادا یانەی دهۆك لە نێوان گفتوگۆیە چڕەکانی لەگەڵ سێ راهێنەری بەتوانای عێراقی توانی بگاتە رێککەوتن لەگەڵ باسم قاسمی راهێنەری پێشووی یانەکەیان. لەمبارەشەوە محەمەد عەلی وتەبێژی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە هەر چەندە یانەکەمان تووشی گرفتی سەختی دارایی بووە، جیا لە سالانی پێشوو تا ئێستا ئامادەکارییەکانمان دەست پێ نەکردووە، هەر بۆیە دەستەی راهێنەرانی پێشووش وازیان لە مەشقی یانەکەیان هێناوە، بەڵام دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان بەردەوام بوون لە هەوڵی بەدەستهێنانی راهێنەرێکی بەتوانا بۆ ئەوەی بتوانین دەست بە ئامادەکارییەکانمان بکەین و ئاستی تیپەکە بەرز بکەینەوە، بۆیە لە نێوان چەند راهێنەرێك تیپەکەمان رێککەوت لەسەر ئەوەی باسم قاسم راهێنەری پێشووی یانەکەمان بەفەرمی لە داهاتوو ئەرکی مەشقی تیپەکەمان لە ئەستۆ بگرێت، لە ئێستادا بە شێوەیەکی کۆتایی لەگەڵی رێککەوتووین، بەڵام چەند خاڵێکی بچووکمان مابوو کە ئەوانیش چارەسەرکران، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی تیپێکی بەهێز دەستنیشان بکەین، هەوڵیش دەدەین بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەین و راهێنەری تیپەکەشمان سەرپشکە بۆ گۆڕانکارییەکان و لە هەوڵی ئەوەشداین چەندین یاریزانی ئاستبەرز و بەتوانا بهێنینە ریزی یانەی دهۆك بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ لەگەڵ تیپەکانی بەشدار لە خولی عێراقی رکابەری بکەین.



# یانەی سلێمانی بەساڵح رازی و ژمارەیەک یاریزان خۆی بەهێز دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی تیپەکەی بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانـــی وەرزی نوێی خولی عێراقی کە بڕیارە یارییەکانی سەرەتای مانگی دەی داهاتوو بەشێوازی دوو کۆمەڵە بەڕێوەبچێت، لە ئێستاشـــدا تیپـــی تۆپی پێی یانەی ســـلێمانی لـــە هەوڵی خۆبەهێزکردنە لەســـەر دەســـتی راهێنەری بەتوانای شاری بەغدا ســـاڵح رازی، لە ئێستاشدا ستافی راهێنەرانی یانەی سلێمانی لە شاری بەغدان بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لە یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەکە دەستنیشـــان بکەن. هەر لەوبارەیەوە بێوەی ئەحمەد لە راگەیاندنی یانەی وەرزشیی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە دەمانەوێ تیپێکی جیاواز دروست بکەین لە ساڵانی رابردوو، بۆیە دوای هێنانی دەســـتەی راهێنەرانی یانەکەمان لە ئێســـتادا ساڵح رازی لە شـــاری بەغدایە بۆ ئەوەی چەند یاریزانێك دەستنیشـــان بکات بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەی سلێمانی.

بێوەی گوتیشـــی: ئێمـــە راهێنەرمان سەرپشـــك كـــردووە لە دەستنیشانکردنی چەند یاریزانێك، بۆیە پێشبینی دەکەین لە چەند رۆژی داهاتوودا ساڵح رازی بەخۆی و دە یاریزانی تازە بگەڕێتەوە شاری سلێمانی، هاتنی ئەم یاریزانانەش لەسەر داوای خۆی دەبێت، بەڵام دەبێت دەســـتەی کارگێڕیی رەزامەندی لەسەربێت، دواتریش راهێنەری تیپەکە ژمارەیەك لە یاریزانانی خۆشـــمان دەستنیشـــان دەکات و بەیەکەوە تیپێکی تۆکمەی لێ دروســـت دەکەین، سەرجەم یاریزانانیش پشـــکنینیان بۆ دەکرێت، ئەوکات گرێبەستیان لەگەڵ واژوو دەکرێ. هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە.

لە بـــارەی بڕی ئەو پارەی کە بۆ یاریزانان دەستنیشـــان کراوە، بێوەی ئامادەنەبوو هیچ گرێبەســـتێکی یاریزانان ئاشکرا بکات و تەنیا گوتی: کاتێك گەیشتنە شاری سلێمانی ئەوکات ئێمە لەسەر پارەو هەموو شتەکان لەگەڵیان رێکدەکەوین.

لە بارەی نـــاوی ئەو یاریزانانەو ســـیڤیەکانیان، بێوەی گوتی: ئەوە هەمووی پەیوەندی بە ســـاڵح رازی هەیە، تاکو ئێستاش ئێمە گفتوگۆکانمان لەگەڵ یاریزانانی شـــاری بەغـــدا بەردەوامە بۆ ئەوەی باشـــترینەکان لەگەڵ خۆی بهێنێت و بتوانین شانبەشانی یانە گەورەکان لە خولی عێراقی بەدیار بکەوین و یانەی سلێمانی ببێتە یەکێك لە یانە گەورەکانی عێراق.

# سەفین رەسول بەشداری دوو پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی دەکات



بەمەبەســـتی بەشـــداریکردن لە دوو پاڵەوانێتیی ماراســـۆنی نێودەوڵەتی لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و سویســـرا، بڕیارە سەفین رەسول کوڕە یاریزانی شـــارۆچکەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر لـــە کۆتایی ئەم مانگە بەرەو وڵاتـــی ئەڵمانیا بچێت بۆ بەشداریکردنی لە یەکەم پاڵەوانێتیی لە شاری لایبزیخ و دواتریش بۆ وڵاتی سویســـرا بچێت، لە بارەی بەشداریکردنیشی لە هەردوو پاڵەوانێتییەکە ســـەفین رەســـول بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: وەکو یاریزانێکـــی کورد لەســـەر خەرجیـــی خۆم بەشـــداری دەکەم لە پاڵەوانێتییەکەدا لە وڵاتی ئەڵمانیا بە ناوی پاڵەوانێتیی لایبزیخ کە بڕیارە لە رۆژی ١٤ی مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێت بە بەشـــداری چەندیـــن یاریزانانی بیانی لەســـەر ئاســـتی وڵاتانی جیهان، ئەم ماوەیەش لە وڵاتی ئەڵمانیـــا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئاڵای کوردستان و ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە، دواتریش دەچمە وڵاتی سویسرا بۆ بەشداریکردن لە ماڕاسۆنێکی نێودەوڵەتی، لەم پاڵەوانێتییەش وەکو یاریزانێکی کورد بە ئاڵای کوردستان بەشداری دەکەم، کە بڕیارە سەرەتای مانگی دە بەڕێوەبچێت، من ئەو ماوەیەش لە کوردستان ئامادەکاری باشم کردووەو نیازی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەم هەیە.

لە بارەی هاوکاریکردنیشی گوتی: جگە لە هاوڕێیەکی خۆم بە ناوی تەحســـین محەمەد هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم، حەزم دەکرد هاوکارییەکی باشـــمیان بکردایە بۆ ئەوەی بمتوانیایە زیاتر سەرکەوتوو بم.